# چارەسەری گرفتی درەنگ کوژانەوەی کۆمپیوتەر



زۆر جار بۆ هەموومان هاتۆتە پێش کە کاتێك کۆمپیوتەرەکەمان دەکوژێینەوە، کەچی سیستەمی کۆمپیوتەرەکە زۆرخاوە و بە درەنگی دەکوژێتەوە.. ئەم گرفتە هیچ پەیوەندی بە ڤایرۆس یان فایلێکی تێکدەرەوە نییە، بگرە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو پرۆگرامانەن کە لەگەڵ هەڵبوونی کۆمپیوتەرەکە ئۆتۆماتیکی دەکرێنەوە. لەسەرەتادا بزانن کە چ پرۆگرامێك کاتی هەڵبوونی کۆمپیوتەر دەکرێتەوە. بۆ زانینی ئەمەش پێویستە لەسەر بەشی run لە ویندۆزەکانی XP و ڤێستادا و مینۆی start لە ویندۆز 7دا وشەی msconfig بنووسن، کاتێك کە ویندۆی ئەم بەشە دەبێتەوە، بەشی system start بکەنەوە، ئەوکات لیستی ئەو پرۆگرامانەتان بۆ دەردەکەوێت کە ئۆتۆماتیکی لەگەڵ کردنەوەی سیستەمدا دەکرێنەوە. دوای ئەوە هەر پرۆگرامێك کە پێویستت پێی نییە فلاشی سەحی لەسەر لابەرن.

# موبەریدەکانیش دەبنە دیـ

لە گەرمای تاقەت پروکێنەکەی هاویندا، گرنگترین ئامێر ئەو ئامێرانەن کە ئەرکیان فێنککردنەوەیە، موبەریدە بەر لە داهێنانی سپلێت، مێژوویەکی کۆنی لەمهەرێمەدا هەیە.. بەڵام هەتا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر دیزاین و شێوازی کارکردنیدا نەهاتووە. لەم دواییانەدا کۆمپانیایەکی ئێرانی ئامێرێکی تایبەت بە شێوازی کۆنترۆڵکردنی مۆبەریدە داهێناوە کە ئەمانەی خوارەوە بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ئامێرە:

1- بەشێوەی ئۆتۆماتیکی دوای تەڕبوونی پوشەکانی موبەریدەکە خێراییەکەی رێك دەخات.

2- بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەپێی دانانی تایمەر موبەریدەکە دەکوژێتەوە و هەڵدەبێتەوە، کە ئەمە بۆ شەوانە زۆر باشە دەکرێت کاتژمێرێکی دیاریکراوی بۆ دیاری بکەی کە موبەریدەکە بکوژێتەوە.

3- دەتوانرێت لە رێگای دوورەوە کۆنترۆڵی بکەی بە ئامێری ریمۆت کۆنترۆڵ، بەڵام جیاوازی لەگەڵ ریمۆت کۆنترۆڵی دیکە ئەوەیەکە دەکرێت مۆبەریدەکە لە سەربان بێت و خۆت لە خوارەوە بیت بۆ ئەوەی کە ئامێرەکان لەیەکتر دیار بن بکوژێنەوە و هەڵیکەیەوە.

4- هەوای ژوورەکە نیشان دەدات کە چەند پلەیە.

5- بەپێی گەرمی و ساردی کەشوهەوا ئۆتۆماتیکی خێرایی موبەریدەکە زیاد وکەم دەکات.

# گوگل و خزمەتگوزارییەکی نوێ

هەمیشە دەبێ لە گوگل چاوەڕوانی شتی نوێ بکەین، لەم چەند رۆژەدا کۆمپانیای گوگل خزمەتگوزاری زۆر گرنگی بە سایتەکەی خۆیەوە زیاد کرد.. یەکەمیان گەڕان بەهۆی دەنگەوە، واتە ئەو کەسەی کە بەدوای بابەتێکدا دەگەڕێت پێویست ناکات، ناوی بابەتەکە یان وێنەکە بنووسێت، بەڵکو دەتوانێت بەدەنگی خۆی مەبەستەکەی خۆی بڵێت و لە کورتترین ماوەدا گوگل مەبەستەکەی بۆ دەدۆزێتەوە، جا وێنە بێت یان بابەتی دەقی بێت. ئەو خزمەتگوزارییە ئێستاکە تەنیا بە زمانی ئینگلیزییە، رەنگە لە داهاتوودا زمانەکانی دیکەشی پێوە زیاد بکرێت. ئێستاکە کە سایتی گوگل دەکەیەوە لە لای راستی بۆکسی نووسینەکە ئایکۆنی مایکێکی بچوك دەبێندرێت، بە کلێك کردن لەسەر ئەم ئایکۆنە دەتوانی بەدەنگ لەمەبەستەکەت بگەڕێی. هەتا ئێستا 230 ملیار وشەی ئینگلیزی تێدایە.

# بە ئاگر مۆبایلەکانـ

کێشەی وزە بۆ ئامێرە بچووکەکانی وەك لاپتۆپ، مۆبایل، ئایپاد، ئایپۆد، تەبلێت... تاد کێشەیەکە تارادەیەك بەرهەمهێنەرانی تەکنەلۆژیای نوێی بەخۆیەوە خەریك کردووە، چونکە وزە لە هەمووشوێنکدا نییە، بۆیە هەوڵدراوە لە «ئاو، با، خۆر» وزە بۆ ئەم ئامێرانە وەربگیرێت، لەم دواییانە کۆمپانیایەکی ژاپۆنی هەوڵیداوە وزەی شەحنکردنەوە لە ئاگر وەربگرێت.. ئەو ئامێرە کە بە Hitochaja Hc-5 USB ناسراوە تەنیا بە پۆرتێکی USB دەتوانی ئەو ئامێرانە شەحن بکاتەوە. ئەو ئامێرە زیاتر بۆ ئەو کەسانە دەگونجێت کە شەوانە لە دارستان دەمێننەوە و وزەی پێویست بۆ ئامێرەکانیان لەو ئاگرە وەردەگرن کە دەیکەنەوە..

# کامێرایەک خەونی وێنەگرانی پیشەییە




زۆر لە وێنەگرانی پیشـــەیی ئاواتیانە کە کامێرایەکیان هەبێت کە ڕێژەی میگاپیکســـلی لەسەرەوە بێت، بەڵام پێدەچێت ئەمجارەیان ئەو خەونەیان بـــە کامێرا 200 میگاپیکســـیلیەکەی کۆمپانیای هاســـل بـــلاد بێتـــە دی. کامێـــرای H4D200Ms کە بەقەد ڕێژەی میگاپیکســـێڵەکەی نرخەکەشی لەســـەرێیە واتە 45 هەزار دۆلار، دەتوانێـــت لە یەك کاتدا 6 وێنە پێکـــەوە بگرێت، بەهۆی ئـــەو کامێرایەوە دەکرێت وردترین بەشـــی وێنەکە بزانرێت. کامێرای ناوبراو بەمەبەستی ئاشکراکردنی وردەکاری زۆر بچووکی ڕووداوەکان سوودی لێوەردەگیرێت.

# کۆمپیوتەرێ سەرمێز بچووکتر لە لاپتۆپ



گر فتێکی سـەرەکی کۆمپیوتـەر سـەرمێز لەوەدایـە کـە قەبارەکەی گەورەیـە و ڕاگواسـتنی تارادەیەك دژوارە، بەڵام لەم دواییانەدا کۆمپیوتەری سەرمێزیش گۆڕانکاری بەسـەر دیزاین و قەبارەکەی دا هاتـووە بەجۆرێك بەقـەد لاپتۆپێك بچووك بوونەتەوە.. بۆ نموونە کۆمپیوتەرەکانی جۆری Nettop کە لەگـەڵ ئەوەیـدا قەبارەیان بچووکە لـە بواری دیزاینیشـەوە سـەرنج ڕاکێشـن. کۆمپیوتەری NT-A3500 ئەو کۆمپیوتەرەیـە کە لە وێنەکـەدا دەیبینن کە وزەیەکی کەمتری دەوێت. گشـت تواناکانی کۆمپیوتەری قەبـارە مەزن لەم کۆمپیوتەرەدا بەدی دەکرێن. خاوەنی چەندین شوێنی کارت میمۆرییـە، هەروەها چەندین کەلێنی USB تێدایـە و هەموو پۆرتە پێویسـتەکان کە بۆ کۆمپیوتەرێك پێویسـتن لەم جۆرە کۆمپیوتەرەدا بەدی دەکرێن.

## ـــــجیتالی



## ـــــتان شەحن بکەنەوە







# چۆن پاسۆردە دزراوەکانمان بگەڕێنینەوە

پاسـؤرد واتە کۆدی نهێنی کە لە ئینتەرنێتدا بەمەبەستی کردنەوەی سایت، ئیمێل، حیسابی بانکی.. تاد سوودی لێوەردەگیرێت.. ئیمێل واتە بۆکسی نامەی ئەلکترۆنی، تەواو هی موڵکی شەخسە.. هاککەر و دزەکەرانی ئینتەرنێت هەوڵ دەدەن پاسۆردەکانتان بەدەست بێنن و ئیمێلەکانتان بکەنەوە.. ئەگەر هاتوو پاسۆردەکانیشـیان بەدەسـت هێنا ئەوکات زۆر بە ئاسانی دەتوانن بیگۆڕن بەجۆرێك کە خاوەنەکەی نەتوانێ بیکاتەوە.. ئەی ڕێگا چارە..

ئەگەر ئێوە تۆزێك شـارەزا بن دەتوانن پاسۆردی ئیمێلەکانتان بدۆزنەوە، لەسەرەتای کردنەوەی ئیمێلێکدا لە سایتی یاهوو یا هوتمەیل چەند پرسـیارێکتان لێدەکرێـت، ئەگەر ئەو پرسیارانەتان لەبیرمابێت بە ئاسانی دەتوانن پاسـۆردەکانتان ببیننـەوە. بەڵام ئەگـەر وەبیرتان نەماوە ئەوە دەبێ وازی لێ بێنن. دوو پرسـیاری گرنگ و تایبەت کە لە کۆتایی کردنەوەی ئیمێلەکـەدا دەکرێت وەك» لە چ قوتابخانەیـەك خوێندوتـە، یان حەزت لـەکام فیلمە« ئەگەر ئەو پرسیارانەتان لەبیربێت ئەوە بەئاسانی ئیمێلەکەتـان بۆ دەگەڕێتەوە. پاش ئەوەی کە وەڵامی پرسـیارەکانتان بە جیدی دایەوە ئەوکات پاسـۆرد و ئەدرەسـی ئیمێلەکەت بۆ دەکرێتەوە.

# بردنەسەری ڕێژەی سەردانکەرانی سایتێک

زۆر لە سـایتەکان شـانازی بەوە دەکەن کە ڕێژەی ئەوکەسانەی کە سەردانی سایتەکەیان کردووە گەلێك زۆرە، تەنانەت لە سایتی Alexa کە سـایتێکە بۆ دیاریکردنی سایتێکی بەپێی ئەو پلەیەی کە هەیەتی، دەبینـی ڕێژەیەکی بەرچاوی تۆمار کـردووە، کەچی ڕەنگە زۆر کەس نەزانێـت گەلێك پرۆگرام هەن دەتوانن بەهۆی پرۆگرامەکە ڕێژەی ئەو کەسـانەی کە سەردانی سـایتەکەتیان کردووە زیاد بکەی.. پرۆگرامی ERank Booster یەکێکـە لەو پرۆگرامانـە. تەنانەت هەندێك سـایت هەن ئامادەن بودجەیەك تەرخـان بکەن هەر بۆ ئەوەی کە ڕاژەی سەردانیکەران زیاد بکەن.. هەروەها ئەو پرۆگرامە جگە لەو تایبەتمەندییەی کە ئاماژەمان پێدا، دەتوانێت ئاسـتی خێرایـی ئەنتەرنێت، ناردنی بە کۆمەڵی ئیمەیل..تاد ئەنجام بدات. هەروەها دەتوانیت پرۆگرامەکە وارێکبخـەی، کـە سـایتێکی دیاریکراو تەنیـا بـە یەکێـك لـە پرۆگرامەکانـی کردنەوەی سـایتەکان وەك: ئەنتەرنێـت ئیکسـپلۆ ر ێر ، فایرفۆکس، سافاری، ئۆپێرا، بکرێتەوە..







# بە کۆ ناوی فایلەکان بگۆڕە

ڕەنگە زۆرجاران ئەوەتان بۆ هاتبێتـە پێش بتانەوێ بەیەکجار ناوی ژمارەیەکی زۆری فایلـەکان بگۆڕن، بۆ نموونە بتانەوێ کۆمەڵـە وێنەیەك کە تایبەتن بە بۆنەیەك و لە کۆمپیوتەرەکەتدان ناوەکانیان بگۆڕن، یانی ناوی ئەو کۆمەڵە تراکتە مۆسـیقیانەی کە لەسەر کۆمپیۆتەرەکەتدان بیگۆڕن. باشترین پرۆگرام بۆ ئەم مەبەستە پرۆگرامی RL Vision Flash Renamer ە، کە کە بە ئاسـانی لە ماوەی چەند چرکەیەکدا دەتوانی ناوی کۆمەڵە فایلەکان بگۆڕی. پرۆگرامە زۆر تایبەتمەندی تێدایە کە بەکارهێنەر دوای بەکارهێنانی زیاتر پێی ئاشنا دەبێت.




# لەگەڵ سایتی channel.me زیاتر چێژ لە ئەنتەرنێت وەربگرن

زۆر جاران کە سایتێك دەکەیەوە، یان بابەتێکی گرنگ سەرنجت رادەکێشێ، حەز دەکەی هاوڕێیەکەت کە گەلێك لە تۆ دوورە پێکەوە ئەو بابەتە بخوێننەوەو بۆچوونی خۆتانی لەسەربدەن. سایتی channel.me هەر راست بۆ ئەم مەبەستە دروستکراوە، بەهۆی ئەم سایتەوە دەتوانن پێکەوە لەگەڵ هاوڕێیانتان سەیری سایتێك بکەن و بابەتەکان بخوێننەوە. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا سایتی channel.me بکەنەوە.

پاشان ناوی ئەو سایتە بنووسن کە حەز دەکەن لە گەڵ هاوڕێیانتان سەیری بکەن. پاش ئەوەی کە سایتەکەت کردەوە، لە شوێنێکدا ناو و ئیمێلی هاوڕێیەکەت بنووسە، ئەگەر هاوڕێیەکەت لەسەر هێڵ بێت، ئەویش سایتەکە دەبینێت و تەنانەت دەتوانن هەر لەم سایتەدا بۆچوونی خۆشتان بنووسن و چاتیش بکەن و تەنانەت دەتوانن جوڵەی ماوسەکەشی ببینن. ئەگەر چوون بۆ سەر لاپەڕەیەکی دیکە لەلای هاوڕێیەکەشتان لاپەڕەکەی بۆ دەبێتەوە.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالی




لەسەردەمی پێشکەوتن و بە دیجیتال بوونی کۆمەڵگا، هەموو شتێك تەنانەت دیارییەکانیش دەبنە دیجیتالی.. سەردەمی زوو لە بۆنە و یادەکاندا کارت پۆستاڵ دەکران بە دیاری.. بەڵام لەم سەردەمەدا کارت پۆستالەکانیش دیجیتالین.. یەکێك لەو پرۆگرامانەی کە ئەرکی دروستکردنی ئەلبۆمی دیجیتالییە، پرۆگرامی Scrapbook MAX ە، بەم پرۆگرامە دەتوانیت بە ئاسانترین شێوە و بە خێراییەکی زۆرەوە، تەنیا بە ماوس و بە داگرتنی چەند کلیکێك ئەلبومێکی زۆر جوانی دیجیتالی دروست بکەی. لەم پرۆگرامەدا بە سێ قۆناغ ئەلبومێکی جوانی دیجیتیالی دروست دەبێت. قۆناغی یەکەم، یەکێك لەو دیزاینانانەی کە پێشتر ئامادە کراون بۆ خۆت دیاری دەکەی.. قۆناغی دووەم، ئەو وێنانەی کە مەبەستتن لە ئەلبۆمەکەدابن دایاندەبەزێنینە ناو پرۆگرامەکە، لە قۆناغی سێهەمیشدا ئەلبۆمەکە بە فۆرماتی دڵخواز خەزن دەکەی. پرۆگرامەکە دەیان ئێفێکتی جۆراوجۆری تێدایە کە ئەلبۆمەکە جوانتر و سەرنج راکێشتر دەکەن.